بۆکان لە مێژوودا (٩)                ئەنوەر سوڵتانی

**چپ دا ایران / حزب دمکرات کردستان اوضاع سیاسی، اجتماعی، تاریخی ایل بارزان**

لە ساڵی ١٩٥٦ ەوە کە ئیدارەیەک بە ناوی ساواک[1] دامەزرا و جێگەی"حکومەتی نیزامی" تەیموری بەختیاری گرتەوە تا ساڵی ١٩٨٠ و شۆرشی گەلانی ئێران، کە بوە هۆی هەڵوەشانەوەی سیستەمی شایەتی ٢٥٠٠ ساڵە لە ئێران و لە ناوچوونی ساواک، شاری بۆکان هەرگیز لقی ساواکی نەبوو و بە گشتی دائیرەی شەهرەبانی بە هەندێ کاروباری ئەوان هەڵدەستا و ئیش وکار ئاسایشی شار بە هۆی ساواکی شاری مەهابادەوە هەڵدەسوورا.
بەم پێییە، بەڵگەنامەکانی پێوەندیدار بە ناوچەی بۆکان دەبێ لە ساواکی مەهاباد پارێزرابێت و ئێمە دەزانین دوابەدوای سەرکەوتنی شۆڕش و دەست بە سەرداگرتنی دەستەڵات لە لایەن مەلاکانەوە، هەموو بەڵگە و ئەسنادی ساواکی مەهاباد راگوێزرانە ورمێ و کەوتنە بەر دەستی حکومەتی نوێی ئێران و بەم شێوەیە، سەرچاوەیەکی گرنگی زانیاری لە مەڕ بارودۆخی سیاسی ناوچەی موکریان لە بەر دەستی کورد هەڵگیرا و کوردی لێ بێ بەش کرا[2].
ئێستا بۆ ئاگاداربوون لە چالاکی ساواک و دەزگای ئاسایشی ئێران لە کوردستان(چ رۆژهەڵات و چ بەشەکانی تر)، دەبێ چاوەڕوانی دەستی جێگرە لە خۆی چەپەڵترەکەی واتە ئیتلاعاتی سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی ئێران بین کە لە خراپەکاری و کوشت و بڕوئازارو ئەشکەنجەی کۆمەڵانی گەلدا چەندەها هەنگاو کەوتوتە پێش ساواک.
لە ماوەی شەش ساڵی رابردوودا دوو بەرگ کتێب بڵاوبوونەتەوە کە هەرکام بەشێک لە بەڵگەنامەکانی ساواکیان لە مەڕ کوردستانی رۆژهەڵات و باشور گرتوتە بەر.

کتێبەکان لە دەوری میحوەری چالاکی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق دەگەڕێن و ئەو هەواڵانەن وا بەگشتی لە سەر هەندێ کەسایەتی ناو ئەو دوو حزبە و چالاکانی دیکەی کورد نووسراون و لە کاتی خۆیدا دراون بەساواک و شەهرەبانی یاخۆد ساواک ئاراستەی کاربەدەستانی پایەبەرزی ئەودەمی ئێران وەک شا و وەزیرەکانی کابینەی دەوڵەتی کردوون و هەر هەموویان لە پێوەندی کورددان.
بەشێک لە بەڵگەنامەکان لە پێوەندی شاری بۆکان و دەوروبەریدان و بریتین لە هەواڵ و راپۆرت لە سەر خەڵکانی دانیشتووی شاروگوندەکانی دەوروبەر، لەوانە مامۆستا حەسەن قزڵجی، سەلاح موهتەدی، محەمەد ئیلخانی زادە، حسێن فاتحی و ئاغاواتی شار و گوند و بەم بۆنەیەوە لە پێوەندی مێژووی سیاسی هاوچەرخی بۆکان دا خاوەنی گرنگایەتی زۆرن.
یەکەم کتێب، وەزارەتی ئیتلاعاتی ئێران دەری کردوە و دووهەمیان مامۆستای زەحمەتکێش کاک محەمەد عەلی سوڵتانی بە هاوکاری رێکخراوی ئەسناد و کتێبخانەی نەتەوایەتی ئێران بڵاوی کردۆتەوە. ئەوەش تایبەتمەندی کتێبەکان،کە هەرکیان بە فارسی نووسراون:

ئا - چپ در ایران بە روایت اسناد ساواک / حزب دمکرات کردستان جلد اول، مرکز بررسی اسناد تاریخی وزارت اطلاعات، تهران، ١٣٧٨(١٩٩٩)، ٤٩١ لاپەڕە(لەگەڵ ٤٤ لاپەڕە پاشکۆ)
ب - اوضاع سیاسی اجتماعی تاریخی ایل بارزان، گردآوری و پژوهش محمد علی سلطانی، بانصمام اسرار بارزان دکتر اسماعیل اردلان/١٣٢٥ شمسی، سازمان
اسناد و کتابخانە ملی جمهوری سالامی ایران، تهران ١٣٨٣{٢٠٠٣}،٦٧٧ لاپەڕە

١ - سازمان اطلاعات و امنيت كشور (ساواک)

٢ - بەڵگەنامەکانی شەهرەبانی و ژاندارمری و بەخشداری بۆکان دوابەدوای شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ گەیشتە دەست "شۆڕای انقلاب"ی بۆکان. شۆڕای ناوبراو ٣ کەسی کردە بەرپرسی راگەیشتن بە بەڵگەنامەکان، یەک لەوان من بووم(ئەنوەر). ئێمە بۆ ماوەی چەند مانگێک بە بەڵگەنامەکاندا چووینەوە و چەند جاریش راپۆرتمان لە سەر بەڵگەنامەکان دایە شۆڕا و چەند بەڵگەنامەشمان بە دیوارەکانی شارەوە دا بۆ زانیاری کۆمەڵانی خەڵک. بەڵام بە داخەوە بە دەست پێکرانی شەڕی کوردستان و هێرشی سوپای رژیم بۆ سەر بۆکان ئێمە هەمووما‌ن شارمان بە جێ هێشت و ئەو برادەرەی کە بەڵگەکان لای ئەو مابوونەوە لە ترسی گیانی خۆی هەمووی بردبوونە سەر رێگای بۆکان بۆ گوندی"گۆل" و لەوێ هەڵیرشتبوون، ئیتر من هەرگیز نەمزانی چی بەسەر ئەو بەڵگە بەنرخانە هات. وا خەریکی نووسینی وتارێکم سەبارەت بەو بەڵگەنامانە و بە تەمام لە سایتی بۆکاندا بڵاوی بکەمەوە.